ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
18
25 ی ئاب / ئۆگەست 2021

## ئایندەی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان!



موحسن کەریم

ئەگەرچی هێزە سیاسیە نەیارەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران، لە ساڵەکانی (٨٠)ی سەدەی ڕابردووەوە لە کوردستانی عێراق بوونیان هەیە و دواتریش، بە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان و دروستبوونی حکومەتی هەرێم بنکەو بارەگانیان لە هەرێمی کوردستان ماوەتەوە، بەڵام بوونیان تەنها لە چوارچێوەی ژیانی ئۆردوگاییدا ماوەتەوەو ڕێگایان پێ نەدراوە چالاکی سیاسی-سەربازی دژی ڕژێمی ئیسلامی ئێران ئەنجام بدەن. سەربارى ئەوە لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا، دەیان هەڵسوڕاوی سیاسی و ئەندامی حزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کراون و چەندین جار هێرش کراوەتە سەر بنکەو بارەگانیان، چ لەلایەن گروپ و دەستەو تاقمی بەکرێگیراوی ڕژێمی ئیسلامیەوە یاخود ڕاستەوخۆ لەلایەن سوپای پاسدارانەوە، وەکو روداوی هێرشکردنە سەر بارەکانی حزبی دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە. بەڵام ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی زۆرترین قوربانی تیرۆری ڕژێمی ئیسلامی بەخۆوە بینیوە بەهۆی دەستئاوەڵابوونی گروپە تیرۆریستی و دەزگا جاسوسی و ئیتڵاعاتیەکانی ئێران لە ناوچەی سەوزدا!

بەڵام روداوی هاتنەسەرکاری ئیبراهیم رەئیسی یەکێک لە رەمزە بەرجەستەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی ئێران، کە بەڵێنی بنبڕکردنی نەیارانی ئەو

بۆ لاپەڕە 2

# ئەفغانستان و شکستەکانی ئەمریکا!



عوسمانی حاجی مارف

دەورانێک لە دەرکەوتنی "باڵا دەستی ئەمریکا" بەسەر جیهاندا، کە پێناسەی ڕۆڵ و پێگەی ئەمریکای پێ دەکرا، وێنای ئەو واقعیەتەی دنیای سەرمایەداری بوو کە بەدوای دارمانی شورەویدا پێکهات، واتە پاش شکستی سەرمایەداری دەوڵەتی یان بلۆکی ڕۆژهەڵات، ناساندنی جیهانی سەرمایەداری بوو بە کۆتایی دنیای دوو جەمسەری. هەر لەم پێناسەیەوە پرۆسەی عەمەلی بەجێگەیاندنی ئەو باڵادەستیەی ئەمریکا بەسەر تەواوی وولاتانی سەرمایەداری جیهاندا بووە مانای قۆستنەوەی، ئەو فرسەتانەی کە ئەمریکا بیانوی هەڵگیرسانی جەنگی بۆ دەهێنایەوە، تا لەڕێگەی ئەو جەنگانەوە

بۆ لاپەڕە 3

# پاشەکشەی ئەمریکاو گەڕانەوەی تاڵیبان بۆسەر دەسەڵات!



### گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

ئۆکتۆبەر: لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابروودا ئاڵوگۆڕێکی سەرسورهێنەر لە ئەفغانستاندا ڕوویدا و بەخێرایی تاڵیبان توانی

بۆ لاپەڕە 5

# خۆپیشاندانەکانی هەولێر و ڕەوینەوەی ترس لە پارتی



### گفتوگۆ لەگەڵ جەمال موحسین

ئۆکتۆبەر: ساڵانێکی زۆرە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دژی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و

بۆ لاپەڕە 8

# چۆن عێراق نابێتە گۆڕەپانی شەڕ؟

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە 10

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی.. ئایندەی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی ....

رژێمەی داوە، لەلایەک و بەردەوامبوونی ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران لە عێراقدا، کە سەرجەم مەشهەدی سیاسی و روداوە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانیشی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوەو لانی کەم تا مەوادی بینراویش بەردەوام و درێژەی دەبێ، دەرگا بەڕووی توندکردنەوەی فشارەکانی ئێران بۆسەر هێزە عێراقیەکان و لەناویشیاندا حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بۆ ملدان بە سیاسەتەکانی ئەو رژێمەو ڕەچاوکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە عێراق و کوردستان دەکاتەوە. بانگێشتی نێچیربارزانی بۆ مەراسیمی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری ئیراهیم رەئیسی و بایەخ پێدانی و تیرۆرکردنی موسا باباخانی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەناو شاری هەولێر، هەنگاوێکە بە ئاقاری جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی رژێمی ئیسلامی. لەپاڵ ئەم هەنگاوەیدا، بۆ راکێشانی پارتی بۆ ناو ئەڵقەی بەرژەوەندیەکانی ئێران و تەنگەبەرکردنەوەو نائارامکردنی باوردۆخی بوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی رژێمی ئێران لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیش، وەکو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، ئێران لە دەرگایەکی دیکەشی داوە بۆ پیادەکردنی ئەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیەی دژ بە هەڵسوڕاوانی سیاسی و حزبە سیاسیە نەیارەکانی رژێمەکەی لە دەرەوەی ئێران و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. ئەویش داواکردنە لە حکومەتی عێراق بۆ ناچارکردنی حکومەتی هەرێم بە دەرکردنی هێزە ئۆپۆزیسۆنەکانی ئێران لە هەرێم، کە رۆژی ١١/٨/٢٠٢١ لە میانەی کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران لە تاران، بەڕەسمی ئەو داوایەی ئاراستە کراوە.

بێگومان رژێمی ئیسلامی ئێران ئەگەر بۆی بکرێ، دەیەوێ وەکو چۆن هێزە بەکرێگیراوەکانی لە عێراق هەڵیانکوتایەسەر ئۆردوگاکانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، بەهەمانشێوە، لە هەرێمی کوردستانیش ئۆردوگاکانی هێزە ئۆپۆزیسۆنەکانی ئێران کە هەموویان هێزی سیاسی کوردستانی ئێرانن، پەلاماربدرێن و ئەندامەکانیان قەتڵوعام بکرێن و لە هەرێم وەدەربنرێن. بەڵام روداوێکی لەوجۆرە کارێکی ئاسان نیە بۆ حکومەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، هەروەکو بۆ عێراقیش ئاسان نیە بتوانێ فشارێکی لەوجۆرە لەسەر ئەو دوو حزبە دابنێ بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە. جیاوازی نێوان رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە موجاهیدینی خەڵک هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیان لەناو عێراقدا نەبوو، لەناو خەڵکی عێراقدا خۆشەویست نەبوون و وەکو بەشێک هاوکاری رژێمی سەدام تەماشا دەکران. هاوکات خەڵکی ئەو ناوچانەش بەهۆی وەهمێکەوە کە بە هێزە سیاسیە چەکدارەکانی سەر بە ئێران و رژێمی ئێران هەیان بوو لە سەرەتاوە، ئەو کارە بۆ ئێران چوەسەر. بەڵام بەپێچەوانەی موجاهیدینەوە، هێزەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێم، کۆمەڵەکان و دیموکراتەکان درێژکراوەی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق و هەروەها لەڕووی بزوتنەوەی سیاسیەوە سەر بە هەمان بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردن و مێژووی سیاسی هاوبەشیان هەیە، کە ئەمانە دەستی هەردوو یەکێتی و پارتی دەگرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە. لە ساڵانی ڕابردووشدا، هەمیشە هاوکاریەکانی ئەو دوو حزبە بۆ رژێمی ئێران دژی هێزە سیاسیە کوردیەکانی ئێران مایەی نەفرەت و تووڕەیی خەڵک و بگرە رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کورد بووە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەریەکە لە یەکێتی و پارتی ئامادە نین و یاخود دەتوانن سەر لەو داوایەی رژێمی ئیسلامی با بدەن. پارتی و یەکێتی بەرژەوەندی خۆیان لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، بۆیە ناچارن کە لەئاستێکی دیاریکراودا فشارەکان لەسەر ئۆپۆزیسۆنی کوردی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بکەن و بگرە ئەگەری ئەوە هەیە شەپۆلێک لە تیرۆری هەڵسوراوان و ئەندامانی سەر بەو حزبانە و تەنانەت مووشەکبارانی بارەگاکانیان دەست پێبکاتەوە. بەم پێیە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و هەڵسورانی ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسۆنی کوردستانی ئێران لە هەرێم دەست پێدەکات و دەورەیەکی نائارام و پڕ مەترسی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە.

ئەم هەلومەرجە لەلایەکەوە هوشیاری و ئاگاداری ئەو هێزانەی پێویستە و لەلایەکی دیکەوە ئەرکی سەرشانی هەر حزب و رێکخراوو هێزێکی سیاسی و جەماوەری و رێکخراوی ئیساندۆست و ئازادیخوازو خەڵکی کوردستانە کە دژی ئەم پیلانەی رژێمی ئیسلامی ئێران بێدەنگ نەبن، دژی بوەستنەوەو بەرگری لە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی بۆ ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لە هەرێم بکەن. هاوکات فشار بۆ حکومەتی هەرێم بهێنن کە ئەرکی پاراستنی سەلامەتی ژیانیان لە ئەستۆ بگرێت و نەچێتەژێر باری ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرو دڕندانەیەی رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە. دەبێ کوردستانی عێراق مەڵبەندی ئازادی سیاسی بێت نەک ببێتە بێشەی تەراتێنی تیرۆریستانی رژێمی ئیسلامی ئێران و دەزگا جاسوسیەکان دەوڵەتانی ناوچەکە.

☆

# درێژەی .. ئەفغانستان و شکستەکانی ئەمریکا

بالادەستیەکەی لە باری عەمەلیەوە بەسەر جیهاندا بسەلمێنێت، لە نمونەی جەنگی کەنداوی یەکەم بە بیانوی دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت، یا هێرشکردنە سەر ئەفغانستان بەدوای کارەساتی یانزەی سێپتەمبەر، بە بیانوی دژی تیرۆر شەڕی دژ بە ئەفغانستانی هەڵگیرسان.

دەورانی دوای کۆتاییهاتنی جەمسەرگەری نێوان شورەویی و ئەمریکا نەخشەی سیاسی جیهانی سەرمایەداری کەوتە بەردەم ئاڵوگۆڕێک، کە دەوڵەتی ئەمریکا بەرنامەڕێژی بۆ کۆنترۆڵی دنیا دەکردو وەک بەربەستێک دەوەستایەوە کە نەک هەوڵی ئەوەی ئەدا ڕێگە بە دەرکەوتەی تر لە وولاتانی سەرمایەداری بگرێت تا وەک جەمسەرێک لەبەرامبەریدا دەرکەونەوە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەشدا بوو بەناوی هاوپەیمانیەتیەوە تەواوی وولاتانی زلهێزی تری دنیا بخاتە ژێر رکێف و پاشکۆی ئەو نەخشەو سیاسەتانەی لە شەڕوداگیرکاری وولاتانی تردا عەمەلی دەکردەوە، هەر بەو ئاراستەیەش بە کۆنترۆڵکردن و ڕابەریکردنی هێزەکانی سەربازی ئەو هاوپەیمانیە، شەڕی عێراق و ئەفغانستانی بەڕێخست و ئەنجامیدا.

پرۆسەی ئەو هەنگاوە جەنگیانەی دەوڵەتی ئەمریکا بەتایبەتی بەدوای هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی تاڵیبان، دواتر جەنگی کەنداوی دووەم بە کۆتایهێنانی دەسەڵاتی حکومەتی بەعس لە عێراقدا، بەردەوامی نەخشەی دەوڵەتی ئەمریکا بە ئاشکرا هەوڵدان و ئامادەسازی بوو بۆئەوەی هەمان هێرش بۆ سەر کۆریا و سوریا و ئێرانیش بە ڕێبخات، بەڵام توانای ئەنجامدانی ئەو شەڕەی نەبوو.

بێتوانایی ئەمریکا لە درێژەدان بە جەنگەکانی بۆ هێرشکردنە سەر کۆریا و سوریا و ئێران نیشانەی سەرەتای پاشەکشەی پێگەو هاوسەنگی هێزی ئەمریکا بوو لەبەرامبەر ئەو ئامانجەی بتوانێ ببێتە تەنها وولاتێکی ئیمپریالستی باڵا دەست بەسەر جیهاندا.

لەم نێوەدا بەگشتی دوو تێگەیشتنی جیاواز لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسی جیهان و دەورو مەوقعیەتی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئەو وولاتانە لە ئارادابون. بۆچونی یەکەمیان ئەوەی ڕادەگەیاند کە هەوڵە جەنگیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا پێشڕەوایەتیە بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئەو وولاتانەی داگیریان دەکات لەپێناو کۆتاییهێنانە بەدەسەڵاتی سەرکوتگەرو هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی دیموکراتیەت لەو وولاتانەی کە رزگاریان دەکات، یان لەژێر ناوی پەرەدان بە نەزمی نوێی جیهان پێویستە دژایەتی تیرۆریستان بکات، ئەم بۆچونە مایەی وەهم و خۆشباوەڕی و ئومێدێک بون کە لایەنەکان و خاوەنەکانی ئەو بۆچونەو لایەنگرانی ئەمریکای وابەستە دەکرد بە هەر کردارێ کە ئەمریکا لە نەخشەکانیدا بەوپەڕی دڕندانەوە جێبەجێی دەکردن، نمونەی بۆمبابارانی چڕو قورسی خەڵکی مەدەنی و دارمان و وێرانکردنی ڕیشەیی ئابووری ئەو وولاتانەی کە داگیری دەکردن. بۆچونی دووەمیان ئەو لێکدانەوەیەی کردە بنەمای بۆچونەکانی، پێی وابو کە بەدوای کۆتایهاتنی جیهانی دوو جەمسەری لە نێوان شورەویی و ئەمریکادا، لە ئاکامی دارمانی بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتی، دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕاستای پیادەکرنی بالادەستی خۆی بەسەر جیهاندا لەسەر پێداگرتنی ئەو جەنگانە دەگیرسایەوەو داگیرکاری دەکرد، تا لەو ڕێگەیەوە مەوقعیەتی بالادەستیەکەی بەسەر جیهاندا بسەلمێنێت، هەر ئەم بۆچونەی دووەم ئەمریکای وەک تیرۆریزمێکی دەوڵەتی پێناسە کردو ناساندو کارەسات و مەترسیەکانی جەنگەکانی لەسەر ئایندەو چارەنوسێکی نارۆشن نادیار بۆ سەر ژیانی خەڵک لێکدایەوە.

واقعیەتی ڕوداوەکان بەگشتی لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا و چۆنیەتی هێرشی دڕندانەی ئەمریکا بۆ سەر ئەو ناوچانەی نەخشە سیاسیەکانی تیا بەجێ دەگەیاند، ئەوەی یەکلایی کردەوەو سەلماندی کە دەوڵەتی ئەمریکا هیچ نەخشەو سیاسەتێکی دیموکراتیزەکردنی بۆ سەر هیچ وولاتێک نەبوە و هیچ کاتیش دژی سەرکوتگەران و تیرۆرستان نەجەنگاوە. هەر پاش ماوەیەک نەزمی نوێی جیهانیەکەشی درۆو پوچەڵیەکەی خۆی نیشاندان. لێرەدا ئەوەی سەلماند کە ئەمریاک تەنها لە هەوڵدانی بالادەستی خۆی بووە بەسەر تەواوی ڕەقیبەکانی تری وولاتانی سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا.

بەدوای جەنگی خەلیجی دووەم و کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی حکومەتی بەعس بەدەورو نەخشی سەربازی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، گەورەترین هەلومەرجی نالەبارو گێژاوی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەدا بەدیهات، کە تا ئێستاش ئایندەی ئارام بونەوەو سەقامگیری سیاسی چارەنوسێکی نادیار و بێ کۆتاییە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بە تایبەتی.

شەڕ لە ناو شارەکانی سوریا و دواتر لە شاری موسڵ بۆ دەرپەڕاندنی داعش و دەوری روسیا لەو شەڕانەدا هاوسەنگی هێزی ئەمریکای وەها دابەزاند کە ئەمریکای ناچار بەسازش و پاشەکشەی گەورە کرد لە بەرامبەر ڕەقیبەکانیدا. لە هەمانکاتدا جگە لەوەی بە هەموو ئەو دەورەی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەدا دەیگێرێت، تائێستا ئەمریکا نەیتوانی کێشەکانی لە گەڵ ئێراندا یەکلایی کاتەوە، هەر بۆیە ئەو ئایندەیەش پێشبینی دەکرێت کە ئەمریکا ناچار بە سازشە لەگەڵ ئێرانیشدا.

## پیلانگێری کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەهەرێمی کوردستان ڕیسواو مەحکومە!

ڕۆژی چواشەمە ١١/٨/٢٠٢١ لە میانی دیداری وەزیری دەرەوەی عێراق، لەگەڵ عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران لە تاران، داوای دەرکردنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان لە هەرێمی کوردستان، لێکرا و پێیان ڕاگەیاندراوە کە "هەرێمی کوردستان بۆتە لانەی گروپە بەرهەلستکاریەکانی ئێران" و دەبێ هەوڵی وەدەرنانیان بدرێت!

ئەم داوایەی جمهوری ئیسلامی ئێران لە درێژەی ئەو بەڵێنانەدایە کە ئیبراهیم رەئیسی سەرۆک کۆماری نوێی ئێران لە سەرختنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بە لایەنگرانی خۆی دابووی، وە لە یەکەمین هەنگاویشدا موسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی دیموکراتی ئێران، لە هەولێر تیرۆر کرا.

بێگومان هەوڵەکانی کۆماری سەرکوتوی سێدارەی ئیسلامی لەئێران، بۆ دۆرخستنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی تازە نییە، هاوکات کۆمەک و هاوکاریەکانی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان و هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی عێراق، بۆ جێبەجێکردنی ئەجنداکانی ئێرانیش لە پێناو لێدان لە ئۆپۆزسیۆن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئێران لە عێراق و کوردستاندا، بە نرخی تێکدانی شیرازەی ژیانی مەدەنی و نائارامکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، بەردەوام درێژەی هەبوە و بەشێک بووە لە کارنامەی هەموو ئەم هێزانە.

بەهۆی ناجێگیری و بۆشایی حکومەت و دەسەڵاتێکی فشەڵەوە لە عێراق و کوردستاندا، جمهوری ئیسلامی ئێران هەمیشە وەک هێزێکی کۆنەپەرستی دەخالەتگەر لە ئاڵوگۆرە سیاسیەکانی سەرساحەی سیاسی عیراقدا و بەردەوام لەکەنار دەخاڵەتی ڕاستەخۆی سەربازیدا لە کوردستانی عێراق، بە بەهانەی جۆراجۆرەوە دەستی بردوە بۆ تیرۆر و پیلانگێری و لێدان لە نەیارانی سیاسی خۆیی و تۆپبارانکردن بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆن. تەنانەت ئەگەر ڕاستەخۆ خۆشی نەیتوانیبێت بەم کارنامە ئینسانکوژی و سەرکوتگەریە هەڵبسێت، ئەوا لە ڕێگای بەکرێگیراوان و هاوکاری حزبەکانی دەسەلات لە کوردستان و ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی لەپاڵ جمهوری ئیسلامیٔ ئێراندان، پلانی تیرۆر و تەسلیمکردنەوەی هەڵسوڕوانی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیان ئەنجامداوە. ئەوەی لە ئێستادا جمهوری ئیسلامی ئێران داوا دەکات نەیارانی لە هەرێمی کوردستان وەدەرنرێن، پیلانێکی ئاشکرایە بۆ سەرکوتگەری و پەرەدان بەتیرۆریزم و ئینسانکوژی کە بێگومان یەکێک لە ئاکامەکانی تێکدانی ئارامی کومەڵگەی کوردستانە و نابێ لەلایەن هەرئینسانێکی ئازادیخوازە و بەدەربەستەوە قەبوڵ بکرێ.

هەروەها دەبێت ڕێگە نەدرێت بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، ئەم پیلان و سیاسەتە گڵاوەی جمهوری ئیسلامی ئێران بچێتەسەر و پێویستە دەسەڵاتداران بەرپرسیار بکرێن بەرامبەر پاراستنی ئەمنی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەبەردەم هەمواندا، بە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێرانیشەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا لە دژی هەر جۆرە دەخاڵەت و دەستدرێژیەکی جمهوری ئیسلامی ئێران لەکوردستان و عێراق ڕادەوەستێ، هاوکات پیلانگێری ئەم ڕژێمە هارو درندەیە، لەدژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، ریسواو مەحکوم دەکات و ڕای گشتی خەڵکی کوردستانی لێئاگادار دەکاتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان حزبە دەسەڵاتدارەکان بەر پرسیار دەکات بەرامبەر پاراستن و ئەمنیەتی گیانی هەڵسوراوانی سیاسی ئێران لە کوردستان و هەرجۆرە دەستدرێژیەک بۆ سەریان.

***حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان***

**١٦/٨/٢٠٢١**

## پاشماوەی .. ئەفغانستان و شکستەکانی ئەمریکا

شەڕی ئەفغانستان و پاشەکەشەی هێزەکانی تاڵیبان بۆ چیاکانی تۆرابۆرا لە ٦ی دیسەمبەری ٢٠٠١ و خۆجێخستن و مانەوەیان وەک هێزێکی بەرگری لەبەرامبەر ئەمریکاو دەسەڵاتی سیاسی ئەفغانستاندا، هەروەها ئەو دەسەڵاتە ئەمریکا لە ئەفغانستان پێکی هێنا، نمونەی بەرجەستەی ناپەیگیرو گەندەڵی و جەردەیی نیشاندا. لەهەمانکاتدا ئەو ئاڵوگۆڕانەی دەرگای بۆ فراوانبونی زیاتری ئەو گێژاوەی ناوچەی ڕۆژهەڵات کردەوەو بووە گەورەترین گورەپانی شەڕو کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیا، کە نیشاندانی کۆتاییهێنان بە هاوپەیمانی بۆ ئەمریکای هەڵگەڕاندەوە بە ململانێ و وەستانەوە لەبەرامبەر ئەمەریکادا. لەلایەکی ترەوە ئەو قەیرانی ئابوریەی لە ساڵی ٢٠٠٨ یەخەی بە تەواوی سیستەمی سەرمایەداری گرت و تا ئێستا بەردەوامە، هەروەها هەڵکەوتنی جەمسەری تر لە وولاتانی سەرمایەداری و سەنگەرگرتنیان لەبەرامبەر ئەمریکا بە تایبەتی نمونەی چین و ڕوسیا...، کاریگەری جدیان لەسەر پاشەکشەی دەورو نەخشەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا دانا. بەمانەیەک ئەو ئامانج و نەخشانەی ئەمریکا خەوی سەرکەوتنی هەمیشەیی پێوە دەبینی بۆ باڵادەستی بەسەر جیهاندا، کێشمەکێشی بەرامبەرەکانی لە جیهاندا و شەڕی بەردەوام لەو وولاتانەی داگیری کردبون، مایەی شکستهێنان بون بە نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەو ناوچانەی هێزی سەربازی تیا بڵاوکردۆتەوەو دواتر ناچاربو بە کشانەوەی هێزەکانی .

لە کۆتایدا پێویستە بڵێین بەگشتی ئەوە نیشانەکانی ئاکامی شکستی ئەمریکایە لە ئاستی جیهاندا لەبەرامبەر جەمسەرە ڕەقیبەکانیدا، لەهەمانکاتدا بێتوانایی و بنبەستی ئەمریکا لە فەراهەم هێنانی سەقامگیری و جێگیری سیاسی لەو وولاتانەی داگیری کردون، هۆکاری ناچاری ئەمریکا بو بە ڕێکەوتن و سازشێکی تەواو شەرمهێنەر و ریسوا لەگەڵ کۆنەپەرسترین و درندەترین هێزی میلیشیا لە ئەفغانستاندا، هەروەها بە پلانێکی دارێژراوی پێشوەخت دەسەڵاتی سیاسی ڕادەستی تاڵیبان دەکاتەوەو دەسەڵاتەکەی قەبوڵ بکات، کەئەمەش بۆ خۆی جارێکی تر نیشاندانی شکستێکی تر لە شکستەکانی ئەمریکایە، ئاکامەکەشی لەلایەک چەند بارەبونەوەی قوربانی دوای قوربانی وەک جینۆسایدێک بەسەر خەڵکی نەدارو هەژارو زەحمەتکیش دەهێنێت، لەلایەکی تریشەوە ئاوابونی تەواوی نەخشەو سیاسەتی باڵادەستیەکەی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا، لەهەمانکاتدا سەرهەڵدانەوەو گەرانەوەی کێشمەکێش و بەرامبەرکێی باڵای نێوان جەمسەرە ئیمپریالستەکانە.

★

# درێژەی .. پاشەکشەی ئەمریکاو گەڕانەوەی تاڵیبان بۆسەر دەسەڵات!

**هەموو ناوچەکانی ئەفغانستان کۆنترۆڵ بکاتەوەو بچێتە ناو کابولی پایتەختەوە. بەوجۆرە لەناکاو وبەبێ هیچ جۆرە بەرەنگاریەک حکومەتی ئەو وڵاتە ڕوخا و سەرۆکەکەی هەڵهات! ئەو ڕوداوە چۆن لێک دەدەنەوە؟ بۆچی بەو شێوە دراماتیکیە حکومەتی ئەفغانستان ڕوخا!؟**

خەسرەو سایە: ڕوداوەکانی ئەفغانستان، ئەگەرچی خێراو سەرسوڕینەر بێتە بەرچاو، بەڵام هەرگیز لەناکاو و بێ پێشینە نەبووە، بەڵکو بەرئەنجامی پڕۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراوی ئەمریکاو ناتۆ و دەوڵەتانی ئەوروپا و ناو چەکەیە کە بۆ گێڕانەوەی دوبارەی تاڵیبان بۆ سەر دەسەڵات گیراوەتەبەر. نەخشەیەک کەسەرەتا بەدانوسان وڕێکەتنی نێوان ئەمریکاو تاڵیبان، لەدۆحە دەستپێدەکاو پاشان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئینجا گرتنەوەی ناوچەکان لەلایەن تاڵیبانەوە و دواتریش لەسەرکار لاچونی حکومەتەکەی ئەشرەف غەنی و"هەڵهاتنی"، وە لەدوا هەنگاویشدا تەسلیمکردنی کابوڵ بەهێزەکانی تاڵیبان، بووە ئەڵقە یەک لەدوایەکەکانی ئەم نەخشەیە.

ئەگەر وردتر لەمبارەوە بڵێم ئەوا پێشینەی ئەم ڕووداوانە بەدیاریکراوی لەساڵی ٢٠١٨ و لەسەردەمی ترامپدا و بەدوای کۆبوونەوەی نێوان ئەمریکاو تاڵیبان و ڕیکەوتنیان لەسەر مەرجەکانی ئەمریکا بۆ گیڕانەوەی تاڵیبان بۆ سەر دەسەلات دەستپێدەکات. دواتریش بۆ ڕازیکردنی ڕوسیا، وەک لایەنێکی دەرگیر لەئەفغانستاندا نوێنەرانی هەریەک لە تاڵیبان و ئەمریکا ونوینەری حکومەتەکەی ئەشرەف غەنی لەمۆسکۆ کۆبوونەوەو هەنگاوی دواتری پڕۆسەی گێرانەوەی تاڵیبان پەسەند دەکەن، پاشان بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەم نەخشەیە وکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ودەستبردنی تاڵیبان بۆ گرتنەوەی ناوچەکان، دوا کۆبونەوە لەتاران بەئامادەبوونی نوێنەرانی تاڵیبان وجمهوری ئیسلامی ئیران ونوێنەرانێکی باڵا لەسوپای پاکستان و بەوجودی نوێنەری حکومەتەکەی کابول دەبەسترێ و ڕێرەوی جوڵە سەربازیەکانی ئەمریکاو تاڵیبان پەسەند دەکرێ. بێگومان هەموو ئەم هەنگاوانەو ئەنجامەکانی ئەم دانوسان و ڕێکەوتنانەش، بەئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتانی ناوتۆ و ئەوروپایی جێبەجێکراوە. تەنانەت بەجۆرێک ئەم نەخشەیە برایە پێشەوە کەنەک هەر ڕێگەیان نەدا حکومەتەکەی کابول وسوپاکەی بەرگریەک لەخۆی نیشان بدات، بەڵکو ڕێگریان لەوەش کرد کە خەڵکی ئازادیخوازی ئەفغانستان فرسەت وەربگرن تا بەرگریەک لەخۆیان و لەگێڕانەوەی هێزیکی ڕەشی وەک تاڵیبان نیشان بدەن. هەربۆیە هەڵەیە بڵێین تاڵیبان کابولی گرت وحکومەتێکیش ڕوخاو سەرۆکەکەی هەڵهاتووە، بەڵکو حکومەت وسوپای ئەفغانسان لەبەرئەنجامی ڕێکەوتنێکی سیاسی پێشوەختەدا وبەپێی نەخشەیەک تەسلیم کراوە، ئەمەش یەکێک لەئەڵقەکان وپێداویستیەکانی گێڕانەوەی تاڵیبانە بەبێ ئەوەی بەرگریەک ڕوبەڕووی ببێتەوە. تەنانەت نەخشەکە بەجۆرێک بووە کەڕیکەوتن لەسەر جێهێشتنی چەک و تەقەمەنیەکانی ئەمریکا بۆ تاڵیبان کراوە، تابتوانێ کۆنترۆڵی دۆخەکە بکاو هەژمونی سەربازای بەسەر ناوچەکانی ئەفغانستاندا بەدەست بهێنێت. ئەگینا ٣٠٠ هەزار چەکداری حکومەتەکەی کابول کەمەشقی سەربازیان پێکراوە بەچەکی ئەمریکاییەوە، بۆ ناتوانێت کاردانەوەی ببێت بەرامبەر بە هاتنە ناوەوەی تاڵیبان کە ٧٥ هەزار چەکداری هەیەو لەڕوی جۆری چەک و لۆجستیەوە لەدواوەیە.

**ئۆکتۆبەر: بەڵام دەوترێت گەندەڵی توانای لەسوپای ئەفغانسان بڕی بۆ بەرگریکردن ولەولاشەوە تاڵیبان هێزێکی شەرکەرو عەقیدەتیە و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای ئەفغانستانە، بۆیە توانیان ناوچەکان بگرنەوە.**

خەسرەوسایە: ڕووداوەکان نەبەرئەنجامی گەندەڵبوونی سوپای ئەفغانستانە و نە بەرئەنجامی عەقیدەبوونی هێزەکانی تاڵیبانە.. هەروەک باسمانکرد دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچەکان لەلایەن تاڵیبانەوە لەچوارچێوەی نەخشەیەکدا سەریهەڵدا کەئەمریکا بۆ گێڕانەوەی تاڵیبان بۆسەر دەسەلآت لەسەری ڕێکەوتوە، وەلەم نەخشەیەشدا، جەنگی ڕزگارکردنی ناوچەکان ڕووی نەداوە تا فاکتۆری "هێزێکی عەقیدەتی وشەڕکەر" ببێتە جێگای سەرنج. لەم پەیوەندەدا ئەگەر ئەزمونی داعش بخەینەوە بەرچاو، ئەوا دەبینین کە تاڵیبان زیاتر لەداعش هێزێکی شەرکەر وعەقیدەتی نییەو تەنانەت سوپای عێراق و هێزی چەکداری یەکیەتی و پارتیش کەمتر گەندەڵ نەبوون لەحکومەتێک کەلەئەفغانستاندا لەسەرکاربووە. بەلام چونکە ئەمریکا لەبەرامبەر داعشدا نەخشەی ئەوەی نەبووە، داعش بمێنێتەوە، نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و تەفروتوناکرا. لەلایەکی ترەوە مێژوی سەرهەڵدانی تاڵیبان وەک ڕەوتێکی ئینسانکوژ وتیرۆریست، ڕاستیەکی تەواو پێچەوانە بەم بۆچونەمان پێدەڵێت، کەهەڵقوڵاوی کۆمەلگای ئەفغانسان بێت، بەڵکو تاڵیبان دروستکراوی سوپای پاکستان وموخابەراتی ئەمریکایە کەلەجەرگەی شەڕی ناوخۆی نێوان دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی وموجاهیدی ئەفغانیدا، بەردرایە گیانی کۆمەلگا ودواتریش وەک لەزگەیەک چەسپێندرا

# درێژەی .. پاشەکشەی ئەمریکاو گەڕانەوەی تاڵیبان...

بەچارەنوسی خەڵکەکەیەوە. تاڵیبان مۆڵگەی تیرۆریزمی ئەلقاعیدە وبکوژی خەڵکی مەدەنی و سکولارو ژنان وهەموو ئەو ئینسانانەیە کەدەسەڵاتی ڕەشی ئیسلامی شەریعەتەکەیان قەبوڵ نییە. خودی ئەوەی کە خەڵک نەک هەر پێشوازیان لەگەڕانەوەی تاڵیبان و گرتنەوەی شارەکان نەکرد ودڵخۆش نەبوون پێی، بگرە هەڵهاتن و جێهێشتنی نزیک بەیەک ملیۆن کەس، لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا پێمان دەڵێت کەچۆن ترس لەتاڵیبان وهێزەکەی، کابوسێکی مەرگهێنەرە وکۆمەڵگا لەدەستی هەڵدێت. کاتێک هاوڵاتیەک ئامادەبێت خۆی بەفڕۆکەیەکدا هەڵواسێ وبچیتە ئاسمان وبەربیتەوە، بەلگەیەکی ڕۆشنە بۆئەوەی کەکۆمەلگا تاڵیبانی قەبوڵ نییە ونایەوێت لەسایەیدا ژیان بکات.

ئۆکتۆبەر: دەوترێت باڵادەستی تاڵیبان بەسەر ئەفغانستاندا، بەرئەنجامی شکستی ستراتیژی ئەمریکایە لەجیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.. ڕای ئیوە لەسەرئەم بۆچونە چیە؟

خەسرەوسایە: ئەوە ڕاستە کەئەمریکا لەڕوی ستراتیژییەوە شکستی خواردووە، ئەمەش بەمانای ئەوەی کەبەدوای ڕوخانی بلۆکی شەرق و شەڕی یەکەمی کەنداودا، نەیتوانی دونیا بەپێی ستراتیژی دونیای یەک قوتبی بەرابەری ئەمریکا سازبداتەوە وبەمجۆرەش لەم دوودەیەی ڕابردوودا، تاهاتووە ڕووی لەپاشەکشە کردوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئەوروپای یەکگرتوو، ڕوسیاو چین وەک جەمسەرەکانی هێزی ئیمپریالیستی کەوتنە بەرامبەریەوە. بەڵام ناکرێت هەموو ڕوداوەکان بەم فاکتۆرە لێکبدرێتەوە، بەڵکو دەبێ هەر ڕوداوێکی تایبەت لێکدانەوەی کۆنکرێتی خۆی بۆ بکرێت و مانای ئەم شکستەی ئەمریکا بەدەستەوە بدرێت. لەڕوداوەکانی ئەفغانستان وبالادەستی تاڵیباندا، مانای شکستی ئەمریکا بەوجۆرە نییە کەلەڕووی سەربازی وجەنگەکەوە، لەبەرامبەر تاڵیباندا شکستی خواردبێت، وەک ئەو نمونەیەی کەلە ڤێتنام و وەدەرنانی لەسایگۆن بینیمان، کەچۆن لەبەرئەنجامی مقاوەمەتێکی جەماوەریدا وەدەرنرا. بەپێچەوانەوە هەروەک باسمان کرد باڵادەستی تاڵیبان بەرئەنجامی نەخشەیەک بووە کەتێیدا ئەمریکا لەگەڵ تاڵیبان ڕێکەوتووە تا بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات وباڵادەستی پەیدابکاتەوە. لەکردەیەکی ئاواشدا تالبان شکستی سەربازی بەسەر ئەمریکادا دانەسەپاندووە تا لەئەفغانستان دەرچیت. ئەوەشی کەمانا بەشکستی ستراتیژی جیهانی ئەمریکا دەدات لەڕووداوەکانی ئەفغانساتاندا، ئەوەیە کەنەیتوانی حکومەتێکی پایەدار وجێگای قەبوڵی خەڵکەکەی دوای دەرپەڕاندنی تاڵیبان لەساڵی ٢٠٠٠دا دامەزرێنێ. پێکهێنانی حکومەتێکی مۆزایکی لەقەم و قەبیلەو هێزە میلیشیایەکان و لەدەستەو تاقمی ئیسلامی، بەناوی دیموکراسیەوە، کەلەسەرو ئیرادەو ویستی خەڵکی ئەفغانستانەوە بێ و هێزی سەربازی وڵاتێکی داگیرکەر سێبەر بێت بەسەریەوە، بەدڵنیایەوە نەک هەرناتوانێ جێگای تەوەقوعات و پشتیوانی خەڵک بێت، بەڵکو ناتوانێت ئەمنیەت وئارامی بۆ مانەوەی خۆشی زامن بکات. شکستی ئەمریکا لەئەفغانستان لەپێکهێنانی حکومەتێکی ئاوا فاشلدا، سەرەنجام مانەوەی لەم وڵاتەدا کردە چەقین لەزەلکاوێکدا کەبەخەرجێکی زۆرو کوژرانی ڕۆژانەی سەربازەکانی تەواو ببێت و بەم هۆیەشەوە خۆ دەربازکردن لێی ببێتە ئامانجێکی فەوری.

**ئۆکتۆبەر: جۆبایدن لەقسەکانی ئەم دوایانەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمریکا بەڕیگایەکی ئاشتیانە لەئەفغانستان کشاوەتەوەو لۆمەش دەخاتە سەر سوپای ئەفغانسان بەوەی کە سەرەڕای ئەو هەمو خەرجیەی کەکردویەتی، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەیان نەکردوە کەهیچ مقاوەمەتێک نەکەن.. لەسەر ئەم قسانە دەڵێن چی؟**

خەسرەو سایە: ئەم قسانەی جۆ بایدن پەردەی دوهەمی تاوانکاری و نەخشەیەکە کە لەدژی ئیرادەو ژیانی خەڵکی ئەفغانسان براوەتە پێشەوە. ئەمریکا ئەفغانستانی کاولکرد و دواتریش تەسلیم بەهێزێکی ڕەشی وەک تالبانی کرد، ئینجا نۆرەی پاساوهێنانەوەیە بۆ ئەم کارنامە دژی ئینسانیەی. کارنامەیەک کە مافی بڕیاردانی لەخەڵکی ئەفغانستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و سیستەمێکی حوکمڕانی لەم ولاتەدا خستە ژێر پێوە. سەرەتا بەجەنگ و داگیرکاری هاتە ئەم وڵاتەوە ودوای ٢٠ سالیش هێزێکی ئینسانکوژی وەک تاڵیبانی گێڕایەوە سەر دەسەڵات، کە هەرخۆی لەلیستی ڕەشی تیرۆریستاندا داینابوو، بەمەش چەقۆی ناوەتەسەر ملی خەڵکەکەی. لەبەرئەنجامی سیاسەتێکی ئاوادا ئەبێ "ڕێگای ئاشتیانە" چی بێت کاتێک ژنانی ئەفغانستان بەمەقنەعەوە دارکاری بکرین و لەژێر سایەی شەریعەتی ئیسلامی تاڵیباندا بەردەباران بکرێن ومافی تێکەلاو بوون ودەرکەوتنیان لەنێو شەقامدا بەحەرام لەقەلەم بدرێت!. کاتێک کە تیرۆر ودەست پەڕاندن ببێتە یاسا ونۆرمی ژیان و بەکارهێنانی مۆبایل وگوێگرتن لەمۆسیقاو سەیرکردنی فلیم لەهەر هاوڵاتیەکی سادە حەرام بکرێت!. "ڕیگای ئاشتی" ئەبێ چی بێت کە ٢٠ ساڵ نائارامی وکاولکاری و جەنگ، لەپاڵ هەژاری و نەداری و بێدەرەتانیدا، بکرێتە حاڵەتێکی ئاسایی.. لەڕاستیدا "ڕێگای ئاشتی" هەرئەوەیە کەهەقانیەت

# پاشماوەی .. پاشەکشەی ئەمریکاو گەڕانەوەی تاڵیبان...

بەسیاسەت و نەخشەیەکی دژی ئینسانی بدرێت، کە هێزێکی ئینسانکوژی وەک تاڵیبان بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا داسەپێندرێتەوە.

لەبارەی ئەوەشەوە کەسوپای ئەفغانستان لۆمەدەکرێت بەوەی بەرگری نەکردوە، کێشەکە هەر یەخەی ئەمریکا خۆی دەگرێتەوە، ئەو خۆی سوپای ئەفغانستانی بەوحاڵەوە دامەزراند وهەرخۆشی هەڵی وەشاندەوە تا تاڵیبان بتوانێ بەپێی نەخشەیەک بگێردریتەوە سەر دەسەڵات.

**ئۆکتۆبەر: دەوترێت تاڵیبان گۆڕاوە. ئیستا تالیبان ئەو هیزە داخراوە نیە کەلە ٢٠٠٠ هەبووە، ئیستا باس لە مافی ژنان و چالاکی میدیا دەکاو کراوەیە بۆ بەشداریکردنی لایەنەکان بەپاشماوەکانی حکومەتی پێشوی ئەفغانستانەوە بۆ بەشداری لەپیکهێنانی حکومەتی تازەدا... لەسەر ئەمە دەڵێن چیێ؟**

خەسرەو سایە: لەڕوی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە خەڵکی ئەفغانسان لەگەڵ یەک تاڵیبان بەرەوڕون ئەویش هێزێکە کەئەمارەتی ئیسلامی وشەریعەتی ئیسلامی پیڕەویەتی، یانی لەگەڵ هێزیک بەرەو ڕون کەتیرۆر و دژی ئازادی و دژی سکولاریزم وسەرەتاییترین مافەکانی ژنان وخەڵکی مەدەنی خەسلەتی سەرەکیەتی. هێزێکە کۆیلەیەتی و سەرکوتگەری وکۆنەپەرستی ئیسلامی لەدەمارەکانیدا دەجۆشێت. ئەگەر گۆڕانێکیش لەئارادابێت لەبەر ئەوەیە کەڕای گشتی بشێوێنێ تا خۆی جێگیر بکات. یانی بۆ ئەوەی پایەکانی دەسەڵاتی جێگیر بکات دەیەوێت بەبەرگی دیماگۆجیانەوە خۆی بنوێنێ تا ڕای جیهانی وناوخۆیی بەدەست بهێنێ ودانی پێدابنرێ. بەواتایەکی تر تاڵیبان زمانی گۆڕیوە تا لەژێر ئەو فشارەدا خۆی دەرباز بکات کە هەم لەناوخۆ وهەم لەڕای گشتی جیهانیدا ڕووبەڕووی بۆتە. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە تاڵیبان لەلیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکاندابووە.

**ئۆکتۆبەر: هێشتا تاڵیبان وەک دەسەڵاتێک جێگیر نەبووە، دەبێ چی بکرێت بۆئەوەی لانی کەم خەڵکی ئەفغانسان لەم دۆخەدا پشتیوانی بکرێ؟**

خەسرەو سایە: تا ئەو جێگەیەی کەبەخەڵکی ئەفغانستان وهێزە سۆشیالیست وسکولاریستەکان دەگەڕیتەوە، ڕێگایەکی تر نیە جگەلەوەی مقاوەمەتێکی جەماوەری لەبەرامبەر وجودی تاڵیباندا لەم وڵاتەدا بەرپێبخرێ و بەدەستبردن بۆچەک وەدەر بنرێ و کۆمەڵگای لێ پاک بکرێتەوە، بەڵام ئەرکێک کە لەئێستا دەکەوێتە سەرشانی ڕەوتگەلێکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و تەنانەت ئینساندۆستەوە کە لەدەرەوەی ئەفغانستانن، ئەوەیە کە بەهانای خەڵکی ئەفغانستانەوە بچن ولەکۆمەک بە ئاوەراکان وخەڵکی هەڵهاتوودا هاوکاری پێشکەش بکەن وفشار لەسەر دەوڵەتان دابنێن کە دەرگا بەڕوویاندا بکەنەوە تا لەژیانیکی ئاسودە بەهرەمەند ببن. لەلایەکیترەوە خەبات بۆ ڕێگەگرتن لەوەی کە تاڵیبان لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا دانی پێدابنرێ وشوێنی خۆی بکاتەوە، کارێکی ترە کەدەکەوێتە سەرشانی ئەم هێزانە. واتە دەبێ ڕای گشتی جیهانی لەدژی جێگیربوونی تاڵیبان وەک حکومەتێک ساز بدرێ وفشارەکان لەسەر هەر دەوڵەتێک توندبکرێتەوە تا شەرعیەت بەتاڵیبان نەدەن و وەک حکومەتێک لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا تەریک بکرێتەوە. دەبێ تاڵیبان لەقاوبدرێ و ڕێگەنەدرێت لەسایەی گەڕانەوەیدا بۆ سەر دەسەڵات، هەر ڕەوتێکی ئیسلامی سەر دەربهێنێ.

**ئۆکتۆبەر: ئیسلامیەکانی کوردستان بە گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ سەر دەسەڵات، دوای ساڵانێکی زۆر لە بێئومێدی و خۆخواردنەوە، ئومێدێکیان بۆ گەڕاوەتەوەو پێیانوایە کە ئەوانیش بتوانن لەسەر بنەمای تورەییەک کە خەڵک لە دەسەڵاتی کوردایەتی هەیانە، وەکو تاڵیبان دەرگای دەسەڵاتیان بۆ بخرێتە سەر پشت؟ بە بڕوای ئێوە تا چ ڕادەیەک ئەگەرێکی لەوجۆرە بۆ کوردستان واقعیە؟**

خەسرەو سایە: لەگەڵ ئەوەدا کە لەزۆرلایەنەوە، دۆخی کوردستان و ئەفغانستان هاوبەشیان هەیە، لەوانە بونی ئەمریکاو پاشەکشەکردنی، ڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە، قەیرانی حکومەتی و گێژاوێکی سیاسی کەهەردوکیان تێدا چەقیون، بەلام بەدڵنیاییەوە گەڕانەوەی تاڵیبان بۆسەر دەسەڵات، بەپێچەوانەی سەردەمی هاتنی داعشەوە کەڕەوتە ئیسلامیەکانی خستە ژێر گوشارەوە، لەسایەی دۆخی ئەفغانستاندا ئاهێکیان بەبەردا هاتۆتەوە، بەلام کوردستان لەچاوەڕوانی هەمان سیناریۆی وەک ئەفغانستاندا نییە. ئەمەش لەسایەی چەند هۆکارێکدا، لەوانە ڕەوتە ئیسلامیەکان بەگشتی دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتیان قەبوڵ کردوەو ئیدغامبون بەسیستەم ودەسەڵاتێک کە ناسیونالیزمی کورد بەناوی "دیموکراسیەوە" بەڕیوەی دەبەن. هەروەها خەڵکی کوردستان ئەگەر چی باوەڕداربن بەڵام ئیسلامی سیاسیان قەبوڵ نیەو شیوەی ژیانیان شاری و مەدەنیە. لەکەنار ئەم ڕاستیانەوە لەمەیداندابوونی نارەزایەتیەکی جەماوەری کە ڕۆژانە یەخەی دەسەڵاتدەگرێ و خواستی وەلانانی دەسەڵاتی هەیە، دۆخەکەی لەبەردەم ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانەدا داناوەو زەمینەی ئەوەی کە هێزێکی چەکداری ئیسلامی هاوشیوەی تاڵیبان، بتوانێ ڕوداوەکانی ئەمڕۆی ئەفغانسان دوبارەبکاتەوە، نەهێشتوە.

# درێژەی.. خۆپیشاندانەکانی هەولێر و ڕەوینەوەی ترس لە پارتی...

**بڕینی مووچەو زۆر پرس و مەسەلەی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێت. بێجگە لە چەند حاڵەتێکی کەم و بچووک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی خۆپیشاندان ڕووی نەدەدا یاخود بەر لەوەی ڕووبدات سەرکوت دەکرا. بەڵام ڕۆژانی ڕابردوو ئەو تەوقە شکا وخەڵکی گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێر دژی نەبوونی ئاو رژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان. لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم گۆڕانکاریە چیە؟**

جەمال موحسین: نارەزایەتی لە دژی دەسەڵات و سەرکوتگەریی یەکێتی و پارتیش زۆر دەمێک ساڵە دەستی پێکردووە و خۆپیشاندان تەنها شێوازێکی ئەم نارەزایەتیە بووە. ڕاستە پێشتر بە هەمان ڕێژە و ڕادە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی ڕووی نەداوە بەڵام بە شێوازی جۆراوجۆر هەر هەبووە. ئەوەی کە لەم چەند ڕۆژەدا لە چەند گەڕەکێکی هەولێر بینیمان نیشانەی هەرچی زیاتر قوڵبوونەوەی قڵشتی چینایەتی نێوان دەسەڵاتدارانی سەرمایەدار و جەماوەری بێبەشە. خەڵک بەو دەرکە گەیشتووە کە لە هەوردا نوقمبوونی کۆشک و تەلاری چینی باڵادەست لەسەر حسابی بە قوڕداچوونی ژیانی ئەوانە. هەر ئەمەش بوو لە پەیامی خۆپیشاندەراندا ڕەنگی دابۆوە و ئەیانووتەوە. ئەو ڕاستیە لای خەڵک وەک ڕۆژی ڕوناکە کە دەسەڵاتی ئەوان تاعونێکی ڕەشە و هیچ دەوایەکی نییە جگە لە بنبڕکردنی. ئەو تاعونە داویەتە ژیان و مان و هەناسەدانی مناڵەکانمان و گێڕانەوەی ژیان بۆ ئەوانەی لە نیوەمردوویدا ڕاگیراون بە هەڵکێشانی ئەو دەردە پیسەوە بەندە. خەڵک گەیشتۆتە تینی و نەهامەتی ئیتر گەیشتۆتە سەر ئێسقان. چۆن بتوانرێ تەحەمولی ئەوە بکرێ کە خەڵک ڕاکەڕاکی بێ بەدوای دڵۆپە ئاودا کەچی ئەوانیش ببینێ لە زەریایەک لە خۆشگوزەرانیدا مەلە بکەن؟!

هەربۆیە سەرباری چاوسوورکردنەوە و سەرکوتگەریی پارتی کە ساڵەهایە خەڵکی پێ ئەترسێنێ، نەیتوانی بەر بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری مەحروم بگرێ. ئەم توڕەییەی خەڵک بەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوا_کوردایەتی هەیانە، ساڵانێکی زۆرە وەک گڕکانێک پەنگی خواردۆتەوە و هەر دەلاقەیەکی بۆ دەرکەوێ ئەتەقێتەوە، ئەمەی ئێستا تەنها ئاگرپژێنەکەیەتی!

**ئۆکتۆبەر: جاران یەکێتی شانازی بەوەوە دەکرد و بگرە بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی نزیک لە یەکێتی و دژە پارتی، بوونی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان لە ناوچەی سەوز بە دیموکرات بوونی یەکێتی و بوونی ئازادی لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا لێک دەدایەوە؟ ئایا دەکرێ بە هەمان پێوانە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی هەولێر بە دیموکراتبوونی پارتی و بوونی ئازادی سیاسی لە زۆنی زەرد لێک بدەینەوە؟**

جەمال موحسین: بەکارهێنانی سیفەتی دیموکرات بوون بۆ یەکێتی و پارتی وەک ئەوە وایە قەیسەرەکانی ڕۆمی کۆن بە ئازادیخواز و نەرم و نیان لە قەڵەم بدەیت. ئاخر کێ بوو تەقەی لە بەکر عەلی نوێنەری خەڵکی بێخانەولانە کرد؟ کێ بوو کۆمۆنیستەکانی لە ناو جەرگەی شاردا و بەبەرچاوی خەڵکەوە کوشت؟ کێ بوو لەپاڵ تەقەکردن لە مناڵ و مێردمناڵ و گەنجان لە ١٧ ی شوباتدا، ڕۆژانی دواتر بە زەبری چەک خۆپیشاندانەکانی سەرکوت کرد؟ ئەوەی لە زۆنی سەوز ئەکرا نیشانەی ئەوە بوو ئەو دەرکە سیاسیەی باسم کرد کە خەڵک سەبارەت بە قڵشتی چینایەتی نێوان خۆی و چینی باڵادەست هەیەتی لە ئارادا بووە و هێزی کۆمۆنیستی و هەڵسوڕانی کرێکاران و چەندین کەسایەتی چەپ و نەیاری ئەو دەسەڵاتە بوونی هەبووە. هەرچەندە لە سەرکوتگەریدا یەکێتیش شتێکی کەمتری لە پارتی نەکردووە و نایەوێ بیکات، نیشانەی دڵنەرمی ئەو هێزە نەبووە.

پارتیش هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی دەستی کرد بە سەرکوت و کوشتنی نەیارانی خۆی. ئەسڵەن لە کاتێکدا کە لە تازەترین سەرکوتگەریی هێزەکانی یەکێتیدا لە دژی خۆپیشاندانەکانی سەیدسادقدا لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا کە چەندین کەسی تیا کوژرا، پارتیش تاکو ئەو نارەزایەتیانە کە ملی بە وەلانانی ئەم دەسەڵاتەوە نابوو نەگاتە ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتەکەی، کەوتە سەرکوت و ڕاوەدونانی هەڵسوڕاوان و ڕۆژنامەنووسان و زیندانی کردنیان. بیانوی پارتی بۆ ئەو کارە هەرچیەک بووبێت و هەر پرۆسەیەکی ڕسوایانەی دادگاییکردنی سازدابێ، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە لە ترسی پەڕینەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و بۆ پێشگرتن بەوە دەستی دایە ئەو کارە.

لەوەش زیاتر بە بڕوای من پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە درێژەدان بە سیستمێک کە تیایدا کاری بەکرێ بوونی هەبێ و پارە و پول لای چینی باڵادەست کەڵەکە ببێ، بوونی هەژاریی زۆرینە و دەوڵەمەندیی کەمینە و بێدەنگکردنی ئەو زۆرینەیە تا مل بەو هەلومەرجە بدات، دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری پێویستە ئەگەر نا چۆن بتوانێ خەڵک خامۆش ڕابگرێ؟! بوونی پارتی و هاوشێوەکانی لە ئەسڵدا خۆی دژ بە چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی و ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیە، مەگەر ئەوەی بەسەریدا بسەپێندرێ. بەڵام دۆخ و

⇦

# پاشماوەی .....خۆپیشاندانەکانی هەولێر و ...

هەلومەرجیش هەمیشە هەر بە دڵی چینی دەسەڵاتدار ناچەرخێ. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەولێر ئەو پەیامەی بۆ پارتی و چینی دەسەڵاتدار ڕاگەیاندووە کە چیتر قبوڵی نییە ئەو دەسەڵاتە دەست بنێتە قورتمی. ئەو خۆپیشاندانە بەرزکردنەوەی ئەنیشکی تورەیی و بێزاری خەڵکە و ئەیەوێ بیخاتە سەر گەردنی ئەو دەسەڵاتە. بەڵام خەڵک خۆ یاری بە ژیانی خۆی و منداڵەکانیەوە ناکات و ئەزانێ بەرەو ڕووی چ دوژمنێکە. هەربۆیە پێویستە بشزانێ هەنگاوەکانی داهاتووتری خۆئامادەیی و ڕێکخراوبوون و هێزێکی زیاتری پێویستە. خەڵک پێی ناوەتە ململانێ و کێشمەکێشێکی چینایەتیەوە لەگەڵ چینی دەسەڵاتداردا. بەڵام دەسەڵاتێک کە میلیشیا و پارە و چەکی هەیە هەروا ئاسان دەستبەرداری کۆمەڵگە نابێ. لەبەرامبەریشدا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش پێویستە هەم لە ئاستی سیاسیدا و هەم لە ئاستی جەماوەریدا پێ بنێتە ئاستێکی ترەوە لە خۆرێکخراوکردن ورابەرایەتیکردنی ناڕەزایەتیەکانیدا تاکو سەرئەنجام نەک هەر خواستی خزمەتگوزاری و پێداویسیەکانی ژیانی بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنێ، بگرە لەسەر دەسەڵات بیهێنێتە خوارەوە و لە جێگەیدا دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای ئیرادە و بەشداری ڕاستەوخۆی خۆی دابمەزرێنێ.

**ئۆکتۆبەر: پارتی زوو کەوتە خۆ بۆ هەڵمژینی ناڕەزایەتیەکان و پارێزگاری هەولێر خۆی چوە سەربانی ماڵان و تانکی ئاوەکانی بۆ پڕ دەکردن؟ ئەوەی نوێ دەڵێ ئەوە هەمووی بەرەنجامی فشاری ئەوانە کە تەنکەرە ئاویان بۆ هەولێر ڕەوانە کرد و حکومەتی پارتیش ناچار بوو ئەو کارە بکات. ئێوە ئەو هەنگاوەی ئومێد خۆشناو و ئەو بانگەشەیەی نەوەی نوێ چۆن سەیر دەکەن؟**

جەمال موحسین: نمایشێکی قێزەونە. شمشێرێکی دوو دەمە کە بە هەردوولا ئەیەوێ ناڕەزایەتیەکانی خەڵک ببڕێ. سەیرکەن شەرافەتی پارتی، بێگومان لە ڕێگەی پارێزگارەکەیەوە، لە کوێدایە. لە ترسی فراوانبوونەوەی زیاتری ناڕەزایەتیەکان بەدلەی زەردی لەبەرد کرد و تەنکی ماڵانی پڕکردەوە. باشە تا ئەو دەنگە زوڵاڵە بەرزنەبۆوە، نەیانئەبینی خەڵک ئاوی خواردنەوەی نییە؟ ئاگایان لەوە نەبوو کە خەڵک بە ناچاری بە تەنکەر ئاوی ئەکڕی بە پارەیەکیش کە ئەبێ بچێ قەرزی بکات؟ هەتا هەندێک کەس کەوتنە بازرگانی کردن بە ئاوەوە و لە خەڵکیان گرانتر کرد؟ ئەوە پەنجەراوەشانەکەی ئەو ژنە جەسورەی کە هاواری ئەکرد باکی نییە چی لێ ئەکەن با بیکەن و تورەیی و قینی خەڵک بوو لە دەسەڵاتێکی پیس کە هەرچی ئاوی کوردستانیش هەیە بەکاریبهێنێ ڕووی پاک نابێتەوە، ناچاری کردن ئەو کارە بکەن. شەهامەتی ئەو خەڵکە لەو کاتەدا قابیلی ئەوە بوو بتەنێتەوە و تەشەنەبسێنێ بۆ تەواوی هەولێر و دەوروبەری. ترس لەمە وای کرد پارێزگار ئەو نمایشە بکات تاکو بە خەڵک بڵێ دڵسۆزە و بە دەستی خۆی کێشەی بێئاوییان بۆ چارەسەر ئەکات، وەک ئەوەی خەڵک نەزانێ کە ئەوان هۆکاری بێئاوی و بێکارەبایی و بێ خزمەتگوزاریەکانی تر و ئەو ژیانە پڕ مەئسات و نەهامەتیەن!

بەڵام چەندە ئەم هەوڵەی پارتی بۆ ڕاگرتنی ناڕەزایەتیەکان ڕەزا سووکە، هەر ئەوەندەش ئەو جۆرە کارەی نەوەی نوێ. لە ڕووکەشدا وا دێتە بەرچاو کە نەوەی نوێ هاوکاری خەڵک ئەکات و ئاویان بۆ پەیدا ئەکات. بەڵام ئەمە وەک ئەوە وایە خەڵک ئەژنۆی بیەشێت و تۆ بچی سەری بۆ بپێچی! کێشەی بنەڕەتی خەڵک بوونی ئەو دەسەڵاتەیە، پایەکانی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەسەر بنەمای نایەکسانی و هەژاری بۆ زۆرینە و دەوڵەمەندی بۆ کەمینە دامەزراوە. نەوەی نوێ لەمبارەیەوە جگە لە گۆڕینی دەموچاوەکان شتێکی تر ناکات. نەگبەتی خەڵک لەوەدایە هەر چەند ساڵ جارێک شتێک هەیە بەناوی هەڵبژاردنەوە و کێشە و نەهامەتیەکانی خەڵک ئەکرێنە کەرەسەی بانگەشەکانی ئەوان بە باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە بۆ دەنگ دان بەمیان و نەدانی بەوی تر. ئەوە ئەم پرۆسەیەیە کە ئەبێ لێیان بشێوێندرێ.

لە ڕاستیدا ئامانج چ لە خۆنواندنەکەی پارێزگاری هەولێر و چ ئەمجۆرە کارەی نەوەی نوێدا ئەوەیە ناڕەزایەتیەکان لەو ئاستەدا ڕابگرێ و خاوی بکاتەوە. بگرە ئەوە زۆر گرنگە کە خەڵک هوشیار بێت بەوەی کە نەوەی نوێ بەناوی نەیار بوونی دەسەڵاتەوە ئەیەوێت ناڕەزایەتی خەڵک بەلارێدا ببات و بیکاتە بەردەبارز بۆ گەیشتن بە جێگەورێگە و پشکی زیاتر لە دەسەڵاتدا، هەروەک چۆن خەڵک بینی کە گۆران ئەو کارەی کرد. هیچ یەکێک لەو هێزانە نایانەوێ خەڵک ببێتە هێزێکی سەربەخۆ و ڕێکخراوی وا کە جۆرێکی تر لە دەسەڵات دابمەزرێنێ لە کوردستاندا.

خاڵێکی تریش کە پێویستە بیڵێم ئەوەیە من پێم وایە کە هێشتا ناڕەزایەتیەکان لەسەر یەک قاچ ڕاوەستاون: ئەویش تەنها تورەیی و نەفرەت و بێزاری لەو دەسەڵاتە. سەد خۆپیشاندان لە لایەک و ڕێکخراوبوون و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی خەڵکیش لەلایەک. ئەمەی دووەمیان ئەو پایە ئەسڵییە کە پێویستە ناڕەزایەتیەکان خۆی لەسەر ڕابگرێ.

★

# چۆن عێراق نابێتە گۆڕەپانی شەڕ؟

عوسمان حاجی مارف

"عێراق، ڕێگە نادات ببێتە گۆڕەپانی شەڕ، پێویستە ڕێز لەسەروەری خاکەکەی بگیرێت" ئەمە وتەی فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراقە، بەدوای چل ساڵ لە ژیانی نالەبارو کارەساتباری خەڵکی عێراق، کە لەناو ئاگری شەڕو جەنگ و کاولکاری و ماڵوێرانی و ئاوارەبووندا بوە. لە هەمانکاتدا هیچ کات پێشبینیەک بۆ فەراهەمبونی زەمینەی ئارامبونەوەو ئاشتی و سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا نیشان نەدراوەو نادرێت. بەڕاستی بوێریەکی بێشەرمانە و نابەرپرسیارانەیە بێدودڵی بڵێیت "عێراق ڕێگە نادات ببێتە گۆڕەپانی شەڕ"، وەک ئەوەی تا ئێستا هیچ ڕوی نەدابێت. عێراقیێک کە لەڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو وولاتانەدایە کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە جەنگە، ماوەی چل ساڵە لە مەیدانی شەڕو کارەساتدایە، دەبێ بپرسین و بڵێین کاک فوئاد چۆن ڕێگە نادەن عێراق ببێتە گۆڕەپانی شەڕو، کێن ئەوانەی وا ڕێگە نادەن و پارێزگاری لەسەروەری خاکەکەی دەکەن؟

چاو خشاندنێک بە ڕابردوی ڕۆژو ساڵەکانی ئەو چل ساڵە و ئەو لایەنانەی هۆکاری ئەو دۆخە نالەبارو نائارام و نائەمنیە بون لەعێراقدا، وێنایەکمان دەست دەکەوێت لەسەر ئەوەی عێراق ڕێگە بەشەڕ ئەدات یان نا!

لە ساڵی ١٩٨٠وە شەڕی ئێران و عێراق ماوەی هەشت ساڵی خایاند، کەسێک، لایەنێک نەبو ئەو شەڕە ڕاگرێت. کاتێکیش وەستانی ئەو شەڕە ڕاگەیەندرا، هێشتا کاریگەری و ئاسەوارەکانی وەک خۆی مابونەوە، کە شەڕی داگیرکاری کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دەستی پێکرد. بەدوایدا جەنگی کەنداوی یەکەم بە دەوری دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانی کە مایەی ئەوپەڕی وێرانکاری و ماڵوێرانی بوو بۆ دانیشتوانی عێراق، عێراقی کردە گەورەترین گۆڕەپانی شەڕو کوشتارگایەک کە تائێستاش خەڵکی باجی ئەو شەڕە ئەدەن. جەنگی کەنداو هەر لەکاتی خۆیدا تەواوی خەڵکی ئازادیخوازو ئینساندۆستی جیهانی تورەو سەرسام کرد، هەربۆیە گەورەترین ئاستی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی سەدان هەزاری لەدژی ئەو جەنگەو وێرانکاری دەوڵەتی ئەمریکا، لە تەواوی جیهاندا نمایش کرا، بەڵام فوئاد حسێن و هەڤاڵەکانی لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا گەورەترین پێشوازی ئومێد بەخشیان لەو جەنگە کردو بوونە خزمەتکاری ئەو جەنگەو بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە سودیان لە پاشماوەی کەرەسەکانی ئەو جەنگ و وێرنکاریە وەرگرت.

پاشان پشتیوانیکردنیان لە گەمارۆی ئابوری بۆ سەر خەڵکی عێراق کرد، کە سیاسەتێکی ئەوپەڕی نامرۆڤانەو ئابروبەرانەیە بە ناوچەوانی ڕابەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە کە فوئاد حسێنیش کەسێکی دڵسۆزی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە بووە، لەهەمانکاتدا شەڕی ناوخۆی کوردستانیش نمونەیەکی تری لە بیرنەکراوە کە هۆکارە سەرەکیەکەی، هەمان دەستەو هەڤاڵانی ئەو بوون لە حزبەکانی کوردایەتی دەسەڵاتدار کە ئێستا فوئاد حسێن نوێنەرایەتیان دەکات لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا.

جارێکی تر لە جەنگی دووەمی کەنداودا "گەردەلولی بیابان" کە لەلایەک مایەی دارمانی تەواوی بنەما ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی عێراق بوو، لەلایەکی ترەوە سەردەرهێنانی چەندین نمونەی جروجانەوەرو دەستەوتاقمی میلیشیایی ئیسلامی بوو کە عێراقیان کردە گۆڕەپانی شەڕی مەزهەبی و تائفی و نەتەوەپەرستی، جێگای هیچ تروسکاییەکی بۆ ئاسایشی دانیشتوانی عێراق نەهێشتەوە، بەڵام هەڤاڵەکانی فوئاد حسێن جەنگەکەیان ناو نا "پرۆسەی ئازادی" وە "حکومەتی تەوافقیان" لەگەڵیاندا پێکهێناو شەڕەکانیان گەرمتر دەکرد. پاشان هەنگاو بە هەنگاو بە ئاشکراو بە فەرمی دەخالەت و دامەزراندنی پێگەی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکاو تورکیاو ئێران لە "پرۆسە ئازادیەکە"ی عێراقدا جێگیرکران. لەهەمانکاتدا داعشیش داستانێکی هەمیشە لەبیرنەکراوە و ئاشکرایە هیچ لایەنێک نەک بەتەنگ پاراستنی خەڵکی شەنگالەوە نەبوو، بەڵکو مامەڵەی پێوەکرا.

بەم شێوەیە ئیرادەی خەڵکی عێراق تەواو بێتواناو بێئومێدو سەرگەردان کرا. عێراق بە کردەوە بووەتە پانترین ڕووبەرو گۆڕەپان لە جیهاندا، کە ڕۆژانە شوێنی کێشمەکێش و شەڕی نێوان وولاتانە. تەواوی ئەو هێزو لایەنە تائفی و قەومیانەی بانگەوازی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیان دەکرد، بە ئاشکرا لەپەیوەند بە شەڕو کێشمەکێشی وولاتانی ترەوە چارەنوسی سیاسی خۆیان دیاری دەکەن. ئیرادەیان تەنها لە دزی و گەندەڵی و جەردەیی و قاچاخچێتی و بازرگانیدا بەکارهێناوە. لەهەمانکاتدا هۆکارێکی سەرەکین لەدەرگا ئاواڵەکردنی سنورەکانی عێراق و سەوداو مامەڵە کردن بە خاک فرۆشتنەوە. هەڤاڵەکانی فوئاد حسێن تەواوی سنورەکانی کوردستانیان ڕادەستی لەشکرکێشی تورکیا کردووە. ئایا ئەمانەن ڕێگە نادەن عێراق ببێتە مەیدانی شەڕ؟

تەواوی هەلومەرجێکی سیاسی ناوچەیی و کاریگەریەکانی لەسەر عێراق بێپەردە ئەوەمان نیشان ئەدات کە لە دۆخی ئێستای عێراق و لە مەیدانبوونی حزبە دەسەڵاتدارە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و عروبە و میلیشیاکانی شیعەو سونەو

# بەشێک لە وتاری مەنسوری حیکمەت (دنیا دوای ١١ی سیپتەمبەر) بەشی چوارەم: دوای ئەفغانستان)

## ئەمە کیشمەکیشێکی سیاسییە؛

"جەنگی دریژخایەن لەدژی تیروریزم"، واتە جەنگی دەسەلاتی ئەمریکا لەگەل ئیسلامی سیاسیدا، دوای ئەفغانستان تەنانەت ئەگەر هەردوولایان لەهەندێ برگەدا دەست بۆ کردەوەی سەربازي لیرەولەوێ و کردەوەی تیروریستی لەدژی یەکتریش ببەن، لەناوەرۆکدا کیشمەکیشێکی سیاسی دەبێت. ئامانجی ئەم جەنگە لەلایەن ئەمریکاوە نەهێشتنی ئیسلامی سیاسی نییە. بەپێچەوانەی دەستخۆشانە ئیعلامییەکانی دووەمی خوردادییەکان (مەبەست لەبالی خاتەمییە- وەرگیر) ئەوە جەنابی خاتەمي و سیاسەتە ژیرانەکەی نەبوو کە "ئێرانی لە بۆمباران نەجات دا". هێرش بۆ سەر ئێران و بۆمبارانێکی لەمجورە لەبنەرەتەوە لە بەرنامەی غەربدا نییە. ئەو وێنایەی کە دوای ئەفغانستان، ئەمریکا یەک لەدوای یەک لەگەل ئەو ولاتانەدا دەچێتە شەرەوە کە روژێک بەتیروریست لە قەلەمی داون، زۆر ساویلکانەیە. مەبەستی غەرب لەم هێرشانەدا نەک نابوودی ئیسلامی سیاسی وەیان تەنانەت مەرج نییە روخاندنی دەولەتە ئیسلامییەکانیش بێت، بەلکو پێ قبوولکردنی هەژموونی سیاسی خۆیەتی بە بزووتنەوەی ئیسلامي و دیاریکردنی رێوشوێنی گەمەکەیە. لەروانگەی ئەمریکاوە ئەم بزووتنەوەیە دەبێ سنووری خۆی بزانێت. دەبێ قەلەمرەوی عەمەلیاتەکانی خوی بە ناوچەکە بەرتەسک بکاتەوە، جێوشوێنی خۆی و جێگاورێگای تایبەتی ئەمریکا دەرک بکات. نەتەنها دەولەتە ئیسلامییەکان دەتوانن لەسەر کار بن، بەلکو تەنانەت تیروریزمیش مۆلەتی هەیە، بەومەرجەی قوربانییەکانی ئەم تیروریزمە کۆمۆنیستەکان و چەپەکانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و تورکیا بن. بەلام پەلامار لەناو خاکی ئەمریکا خۆیدا ئەمە ئیتر هەلەیەکی زیادەیە. ئەمریکا دەیەوێت ئەم دەرسەو ئەم هاوسەنگیە بباتە خورهەلاتی ناوەراست.

ئەمە جەنگیکی دەسەلاتە نەک کیشمەکیشێک لەسەر ئیسلام، لیبرالیزم، دیموکراسی غەربی، ئازادی، مەدەنیەت، ئاساییش و ئارامی یان تیروریزم. ئەمە نەبەردیکە لەنیوان ئەمریکای زلهێز لەگەل بزووتنەوەیەکی سیاسی خوازیاری دەسەلات لە خورهەلاتی ناوەراستدا، کە مەودایەکی هەلسورانی جیهانیی هەیە، بۆ پیناسەکردنی هاوسەنگیەکی سیاسي و دیاریکردنی قەلەمرەوەکانی نفوزو هەژموونیی خۆی. غەرب بەشوێن پێکهێنانی دیموکراسیە غەربیەکانەوە نییە لە خورهەلاتی ناوەراستدا. ئەمریکاو پاکستان و ئێران و تەیفی فراوانی کۆنەپەرستان لە ناوچەکەدا لەئیستاوە خەریکن بۆ سەپاندنی حکومەتێکی ئیستبدادي و دواکەوتووی دیکە بەسەر خەلکی ئەفغانستاندا لەگەل یەکتریدا بەندوبەست دەکەن. ئێران و سعودیەو پاکستان و شێخ نشینەکانی خەلیج، ئەم کونەپەرستترین رژێمانەی جیهانی ئەمرۆ، هاوپەیمانانی رەسمي و عەمەلیي غەربن لەم کێشمەکێشەدا. تەنانەت لەحالەتی هەرەسهێنانی دەولەتە ئیسلامیەکانیشدا، ئالتەرنەتیفی حکومەتیی جێمەبەستی غەرب لەناوچەکەدا حیزبە راستە کۆنەپەرست و نیزامە پولیسي و سەربازیەکان دەبێت.

⇨ هێزە جیاوازەکانیان، هەمیشە عێراق وەک گۆرەپانی شەر دەهێلنەوە. فوئاد حسێن و هەڤالەکانیشی بەشێکی بە تواناو شارەزاو بە ئەزمونن بۆ سود وەرگرتن لە تالانیەکانی هەلگیرسانی هەر شەرێک کە عێراق و کوردستان وێرانتر دەکات. کەسان و لایەنێک کە بەشێکن لە بەشداریکردنی تەواوی ئەو شەرانەی بەسەر دانیشتوانی عێراق و کوردستاندا هاتووە، گەورەترین قازانجیان لێ بەدەست هێناوە، ئیستا چی گۆراوە وا پەیمانی ئەوەمان پێ ئەدەن رێگا نەدەن"عێراق ببێتە گۆرپانی شەر"!؟

ئەوە تەنها بە نارەزایەتی و راپەرینی فراوانی سەراسەری جەماوەریە، کە بە دژی فوئاد حسێن وهەڤالەکانی بوەستنەوە، لە پێناو کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ئەو حزبە قەومی و تائفی میلیشیاییانەی لە عێراق و کوردستاندا دەسەلاتی سیاسی بەرێوەدەبەن، وە هەولدان بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێک کە بەدەورو دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەری خەلک هەلبژێردرابێت، ئەتوانرێت کۆتایی بەدۆخی جەنگ لە ناو خاکی عێراقدا بهێنرێت.

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤاییەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسین کەریم
ڤایبەر: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

رێکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# خەڵکی ئەفغانستان بەرەورووی سیناریۆیەکی تاریکتر کرایەوە!

گەڕانەوەی هێزەکانی تاڵیبان بۆ ناو شارەکانی ئەفغانستان و دوبارە وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی ئیمارەتی ئیسلامی، ئەوەی بۆ خەڵکی جیهان ڕۆشنکردەوە کە ئامانجی جەنگی ئەمریکا و داگیرکاری ئەفغانستان پێش بیست ساڵ لەمەوبەر نە دژی تیرۆر بووە نە بۆ ڕزگاری خەڵکی ئەفغانستان بووە لە ژێردەستەیی کۆنەپەرستترین هێزی میلیشا و درندەیەکی وەک تاڵیباندا، بەڵکو خەڵکی کرانە گەورەترین قوربانی نەخشە و سیاسەتی ئیمپریالیستانەی ئەمریکا بەسەر جیهاندا. ئەفغانستان هەمان هەڵبژاردەی ئەمریکا بوو لە نمونەی عیراق تا بیکاتە مەیدانی ئەو جەنگەی سەودا و مامەڵەی سیاسەتەکانی بۆ باڵا دەستی بەسەر جیهانی سەرمایەداریدا پیوە بکات.

گەڕانەوەی تاڵیبان واتە جارێکی تر ئەفغانستان دەبێتەوە بە کوشتارگای ژنان و خەڵکی سڤیل و ئازادیخواز و موخالفانی خودی تاڵیبان. دەبێتەوە بە گەورەترین زیندان بۆ دانیشتوانەکەی. لەژێر سایەی تاڵیباندا دوبارە شەریعەتێک دەسەپێندرێ کە هاوسەرگیری کچی نۆ ساڵ ڕەسمیەت پێدەدەن. مانای بە زۆر لەچک کردنی ژنان و بێرێزی بە کەرامەتی ئینسان و ئەشکەنجە و بەردباران و دەستبڕین و لە سێدارەدان یاسای نەگۆڕی تاڵیبانە. سەرباری ئەوانەش دەبێتە بنکەی کارخانەیەکی گەورەی پەروەردەکردنی تیرۆریستان و بڵاوە کردنەوەیان بە جیهاندا. ئەم سیناریۆ تەڵخ و تاریکە لەلایەک ئاکامی پاشەکشە و شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکایە لە هەوڵدانی بۆ باڵادەستی بەسەر جیهاندا لەبەرامبەر قوتبە ڕکابەرەکانی وەکو چین و ڕوسیا، لەلایەکی ترەوە بێتوانایی ئەمریکایە بۆ سازدانی دەوڵەتێکی سەقامگیر لەو وڵاتەدا، کە ببێتە بنکەیەک بۆ تەواجودی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەوجۆرە نەمانی پێویستی ئەمریکا دەبوایە هەرچی لەناو ئەو زەلکاوەی تێی کەوتبوو دەربکێشێت بۆ رێکەوتن لە پرۆسەیەکی دووساڵی لەگەڵ تاڵیباندا، سەرەنجام ئەفغانستان رادەستی تاڵیبان بکاتەوە!

تاڵیبان وەکو داعش و ڕژێمی ئیسلامی ئێران و هێزە میلیشیا مەزهەبی و تائفی و قەومیەکانی عێراق هەڵبژاردەی خەڵک نین و هێزی بەزۆر سەپێنراون بەسەر ئیرادەی خەڵکدا، تا جۆرێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە کاری هەرزان و سەپاندنی ژیانی زەبونی و کۆیلایەتی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا پەیگیرانەتر درێژە پێبدەن.

دەوڵەتی ئەمریکا ،دوای بیست ساڵ لە داگیرکاری و وێرانکردنی ئەفغانستان و کوشتنی سەدان هەزار هاوڵاتی مەدەنی ئەو وڵاتە، و ئیدارەی بایدن ئەم دیاریەیان لە بری ڤاکسینی کۆرۆنا پێشکەش بە خەڵکی ئەفغانستان و دنیا کرد!

بە سەدان هەزار کەس بەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هەر کەسێکی ناڕازی بە دەسەڵاتی تاڵیبان، هیچ متمانە و ئەمنیەت و پەیمانی لێبوردنێک ناتوانێ گەرەنتی ئەوە بدات کە بتوانن لە سایەی دەسەڵاتی تاڵیباندا پارێزراوبن. ئەمریکا و ئەوروپا بە ئاشکرا بایەخێک بۆ پاراستنی گیانی ئەو کەسانە دانانێن و هیچ بەرپرسیاریەتێک لەبەرامبەر ئەو گێژاوە سیاسیە و ئەو سیناریۆ تاریکەی کە سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ ژیانی خەڵکی ئەفغانستان پێکی هێناوە، ناگرنە ئەستۆ.

دەسەڵاتی تاڵیبان و ئیمارەتە ئیسلامیەکەی جێگای نەفرەت و تورەیی تەواوی خەڵکی ئازادیخواز و ئینساندۆستی جیهانە. بەجیا لەوەی دەوری بەرەنگاری ئازادیخوازان لە ئەفغانستاندا بەرامبەر دەسەڵاتی تاڵیبان لە چ ئاستێکدا دەبێت، بەڵام پێویستی بە پشتیوانیە. بۆیە دەبێت فشارێکی بەرفراوان و هەمەلایەنە لە تەواوی جیهاندا بەڕێ بخرێت و ڕێگا نەدرێ دان بەو حکومەتەی تاڵیباندا بنرێ کە دەیەوێ پێکیبهێنێت، لەلایەن تەواوی دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانیەکانەوە. هەروەها نابێ هیچ جۆرە پەیوەندی و ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا ببەسرێت. بزوتنەوەیەکی جەماوەری جیهانی وەها بەر فراوان بەڕێ بخرێت کە شکست بە حکومەت و ئیماراتی ئیسلامی تاڵیبان بهێنرێت. هاوکات پێویستە فشار بۆ تەواوی دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەو وڵاتانەی پەناهەندە وەردەگرن بهێنرێت تا سنورەکانیان بەڕووی پەنابەرانی ئەفغانیدا بکەنەوە و بە زوویی قەبوڵ بکرێن و ژیانێکی ئاسودەو پارێزراویان بۆ دابین بکرێ.

حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان لەڕیزی پێشەوەی ئەو ناڕەزایەتیانەدا ڕادەوەستێت کە لەهەر شوێنێکی دنیادا لەبەرامبەر تاڵیباندا پێدەنێتە مەیدانەوە، هاوکاتیش ئەو ڕێکخراو و لایەنانەی پشتیوانی لە دەور و پێگەی تاڵیبان دەکەن، بەتایبەتیش ئەو هێزە ئیسلامیانەی کە لە کوردستاندا پەیامی ئومێد بەخش بە گەڕانەوەی تاڵیبان بڵاودەکەنەوە، سەرکۆنە و ڕیسوا دەکات و دەیانخاتە ریزی ئەو شانە نوستوانە کە هاوکاری داعش دەکەن و بەرەو رووی نەفرەت و ناڕەزایەتی هەر ئێستای جەماوەری کوردستانیان دەکاتەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٤/٨/٢٠٢١**